# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٢٦) لە ٢٠٢٣/٩/٢٠

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٦) لە ٢٠٢٣/٩/٢٠، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. مامەڵەکردنی مووچە و دەرماڵەی پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە دوای ٢٠٢٢/١١/٦ وەریانگرتووە تاوەکو ڕێکەوتی دەست لەکار هەڵگرتنیان لە ئەرکی پەرلەمانتارێتی بە هۆی کۆتاییهێنان بە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان وەک شایستەی دارایی خۆیان لە بەرامبەر ڕاپەراندنی ئەرکی پەرلەمانیان و ئامادەبوونیان لە لیژنە پەیوەندیدارەکان و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و کاری بەدواداچوون و چاودێریی پەرلەمانی و هیچ ڕێکارێکی لەسەر وەرناگیرێت.

٢. سەبارەت بە مافی خانەنشینی بۆ ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە گوێرەی حوکمەکانی یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان مامەڵە بکرێت و هەر ئەندام پەرلەمانێک مەرج و پێداویستییەکانی خانەنشینی تێدا هەبێت ئەوا بە گوێرەی یاسای خانەنشینیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو و یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق مامەڵە دەکرێن، و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی بە ژمارە (٢٣٣) و بە (موحداتها ٢٣٩، ٢٤٨، ٢٥٣/ إتحادية) لە ٢٠٢٣/٥/٣٠ تایبەت بە هەڵوەشانەوەی یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (١٢) لە ٢٠٢٢/١٠/٩ کاریگەریی نابێت لەسەر خانەنشینیبوونیان بەپێی شایستەبوونی یاسایی.

٣. سەبارەت بەو بڕیار و یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان کە لە دوای ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٦ کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردن، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا کارپێکردنیان بەردەوام دەبێت بە گوێرەی ڕێکار و میکانیزمێک کە وەزارەتی داد و ئەنجومەنی شوورا و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەستنیشانیان دەکەن لە ڕێگای دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**